## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٤٣) لە ٢٠٢٢/٤/١٣

پشتبەست بە حوکمەکانی بڕگەی (٣) لە ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمووارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی ماددەی (٢) لە یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢١ (یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان-عێراق) ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٠، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٠) لە ٢٠٢٢/٤/١٣، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی ڕەشنووسی (پەیڕەوی ناوە بازرگانییەکان و تۆمارنامەی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان-عێراق) بە ڕەچاوکردنی تێبینی و سەرنجەکانی هەردوو بەڕێزان وەزیری داد و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان کە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران خرانەڕوو.

٢. گشت وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم پەیڕەوە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**